https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.17

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# دەرفەت و ئالنگارییەکانی جێبەجێکردنی حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان

م. ی. هۆگر ئیبراهیم حەکیم

زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین

hogr.hakeem@su.edu.krd

**پوختە**

یەکێک لە ڕێگا تازەکانی کارکردنی حکومەتە هاوچەرخەکان، بەگەڕخستنی حکومەتی زیرەکە لە بەستنەوەی دامەزراوەکانی حکومەت بەیەکەوە لەلایەک، هەروەها دروستکردنی متمانە لە نێوان حکومەت و هاوڵاتی لەلایەکی دیکەوە. هەرێمی کوردستانیش کە بانگەشەی چاکسازی و نوێخوازی دەکات، هاوکات ئاشنایە بە نوێترین پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، بۆیە وا پێویست دەکات کار بە حکومەتی زیرەک بکا، توێژینەوەکەی ئێمەش لەم پێویستییە بنەڕەتییەوە گرنگیی خۆی پەیداکردووە، کە ئامانجمانە تیشک بخەینە سەر ئەو بوارانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێیدا لە ڕێگەی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنییەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەوتر بەهاوڵاتییانیەوە کاریکردووە. لەم چوارچێوەیەدا پرسیاری ئەوە دەکەین کە ئایا ئەو دەرفەت و ئالنگارییانە چین کە دێنە بەردەم حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی حکومەتی زیرەکدا. بۆ ئەوە گریمانەی ئەوەمان کردووە ئەگەر بە شێوەیەکی ناتەندروست پەنا بۆ ئەو جۆرە لە حکومەتە بەرین، ئەوا ئامانجی حکومەتەکە ناتونرێ بپێکرێت. بەبەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاری، توێژینەوەکە هەوڵیداوە لە ڕێگەی دوو بەشەوە بگات بە دەرەنجامەکانی. بەشی یەکەم تەرخانهکراوە بە ناساندنی حکومەتی زیرەک. بەشی دووەمیش تایبەتە بە ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردستان. لە کۆتاییدا گەیشتنیە ئەو دەرەنجامەی کە ڕێژەی پەنابردنی حکومەتی هەرێم بۆ خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان لەسەرجەم پێگەکانی حکومەتی زیرەک لە٢١% تێپەڕی نەکردووە. هەروەها جگە لە چەند دەرفەتێک و بوونی ئیرادەیەک، هەندێ ئالنگاریی گەورە لەبەردەم حکومەتی هەرێم هەیە کە ڕێگرن لەچوون بەرەو ئەو فۆڕمە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

وشە کلیلییەکان: حکومەتی زیرەک، حکومەتی هەرێمی کوردستان، خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی، حکومەتی ئەلیکترۆنی، پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان.

## دەرفەت و ئالنگارییەکانی جێبەجێکردنی حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان

### پێشەکی

بە بەراوردکردنی دۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕییەوە، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا، لە زۆر بواردا دەبینین گەشەسەندنێکی هەمەچەشنی بەخۆیەوە بینیوە، سەرەڕای بوونی تێبینی لە هەندێ بواری حوکمڕانیدا. بە شێوەیەک کە زۆرجار باس لە نموونەی هەرێمی کوردستان دەکرێت لە ڕووی وەبەرهێنان و گەشەسەندنی خێراوە لە ناوچەکە، ئەمەش بەشێکی زۆری پەیوەستە بە جێبەجێکردنی سیاسەتی گەشەسەندنی تایبەتمەند لە هەرێمی کوردستان، کە ئەم ستراتیژیەتە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر ئاراستەکردنی سیکتەرەکانی حوکمڕانی بەو ئاراستەیە، چ لە ڕووی گرنگیدان بە وەبەرهێنان لە سەرجەم بوارەکاندا، یانیش بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی تاک، دواجاریش ئیدارەدانی هەرێمی لە ناو ئەو هەموو قەیرانە نێوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییانە بە شێوەیەکی نیمچە سەرکەوتوو.

له سەروبەندی ئەم گۆڕانکارییە بەرچاوانە، هەوڵدراوە پێشکەوتنێکیش لە بواری حکومەتداری پەیڕەوبکرێت، بە تایبەت لە ڕووی گەیاندنی خزمەتگوزاری و کاروباری گشتییەوە، لەم چوارچێوەیەدا سەرەتاکانی دەرکەوتنی حکومەتی ئەلیکترۆنی بەدەرکەوتووە، بە تایبەتتر لە سێ کابینەی کۆتاییی حکومەتی هەرێم. پەنابردنە بەر حکومەتی ئەلیکترۆنی، لەسەر ئاستی جیهانیش کارێکی نوێکارە لەبواری حوکمڕانیدا، ئەگەر چی ئاستی سەرکەوتوویی پەیڕەوکردنی ئەم فۆڕمە لە کاری حکومی لە هەرێمی کوردستان هێشتا بە ڕوونی دیار نییە. سەرەڕای هەموو ئەمانە ئیستا لە جیهاندا هەوڵدەدرێت قۆناغی حکومەتی ئەلیکترۆنیش تێپەڕێنن و بچنە سەر پەیڕەوکردنی فۆڕمێکی نوێتر کە لە ئەدەبیاتی نوێی سیاسیدا پێی دەگوترێت (حکومەتی زیرەک) ( smart government).

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم ئاراستەی مەبەستییەتی کایەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بباتە قۆناغێکی پێشکەوتوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگە زانستی و بابەتییەکانەوە پەنجە بخرێتە سەر ئاریشە سەرەکییەکان. چونکە لە دونیای هاوچەرخدا دەستبردن بۆ شێوازە زۆر پێشکەوتووەکانی حوکمڕانی لە پێشینەی ناوەندە زانستییەکانە، بە تایبەت لە بواری ئەلیکترۆنیدا کە دونیای ئەلیکترۆنی کۆنترۆڵی گشت کایەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کردووە. لەم چوارچێوەیەدا پەیداکردنی مەعریفەیەکی لەسەر حکومەتی زیرەک بە تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان، خزمەتێکی زۆر لە ڕوانگەیەکی زانستی و بابەتیانەوەبە بواری پێشکەوتنی کایەی حوکمڕانی دەکات.

## گرنگیی توێژینەوە

خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێک کە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بە ئاسانی بتوانێ دەستیپێبگات و بەکاریبهێنێت، هەر ئەمەشە وای کردووە کە ڕۆژ دوای ڕۆژ کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و ئەم کۆمەڵگە ئەلیکترۆنییە لەپشت کۆمەڵگە ڕاستەقینەکەوەی هەیە، گەورەتر بێت. ئاشنابوونی تاک بە نوێترین پێشکەوتنە ئەلیکترۆنییەکان و ناسینی ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتووەکان لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەم پێشکەوتنە ئەلیکترۆنییە بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان، داواکاریی هاوڵاتی لە بەرانبەر حکومەت بەرزکردۆتەوە، بە شێوەیەک کە حکومەت پێویستی بە هێنانەکایەی فۆڕمی تازەیە لە چۆنیەتیی گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە هاوڵاتییان و مامەڵەکردن لەگەڵیان. گرنگیی ئەو توێژینەوەیەی ئێمەش لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە کاتێک حکومەتەکان بیانەوێت پێداویستییە فرەلایەنەکانی هاوڵاتییان تێکەڵ بە نوێترین پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان بکات.

گرنگیی ئەو توێژینەوە لەوەدایە کە حکومەتی هەرێم بەراورد بە حکومەتە هاوچەرخەکان ئەزموونێکی کەمتری هەیە، کەچی لە دەستبردن بۆ ئامرازە نوێیەکان دریغی نەکردووە، بە شێوەیەک کە زۆرجار دەبینرێت نوێترین ئەو ئامرازانە بەکارهێنران بۆ پرسی ئیدارەدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. کارکردن لەسەر ئەو لایەنەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە ئەزموونی حکومەتی هەرێمی لەم بوارەدا لە قۆناغی بونیادنانە، ئەم بەردی بناغەیە پێویستی بە چەندین توێژینەوەیە بۆ ئەوەی بە تەواوی دابنرێت.

## ئامانجی توێژینەوە

جیهان بە گشتی لە سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاریدا چۆتە قۆناغێکی پێشکەوتوو، بە ئامانجی سوودوەرگرتن لەو تەکنیکە هاوچەرخانەی لەبەردەستن لە بوارەکانی ڕێکخستنی زانیاری و پەیوەندیدا، بە شێوەیەک ئەمە بۆتە پێوەری سەرەکی کە پلەی پێشکەوتنی کیانە سیاسییەکانی پێدەپێورێت لە سەدەی بیست و یەکدا. ئامانجی ئێمە لەو توێژینەوەیە تیشک خستنە سەر ئەو لایەنەی حوکمڕانییە لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بزانین لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان چۆن سوود لەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە وەرگیراوە، هەروەها بەچ شێوەیەک دەتوانرێت ئەم خزمەتگوزارییانە بەکاربهێنرین بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی هاوڵاتییان بە دەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم.

لەم چوارچێوەیەدا ئامانجی ئێمە ئەوەیە ئەو بوارانە دەربخەین کە دەکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان تێیدا تەکنەلۆژیای هاوچەرخ بەکاربهێنێ بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە هاوچەرخەکان، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ئاشنابین بەو زەمینەیەی کە دەکرێ بەردی بناغەی حکومەتێکی زیرەکی لەسەر بنیادبنێین، پاشانیش درک بەو ئالنگارییانە بکەین کە دێنە بەردەم پرۆسەی حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان.

## کێشە و پرسی توێژینەوە

تەکنەلۆژیای هاوچەرخ چەندین ئالنگاریی نوێ دەخاتە بەردەم حکومەتەکان، ئەگەر حکومەتەکان نەتوانن بە تەواوی وەڵامی بدەنەوە، ئەوا لایەنی دیکە ئەو بۆشاییە بۆ هاوڵاتیان پڕدەکاتەوە، لێرەوە حکومەت ڕووبەڕووی بۆشاییەکی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە و لە واقعی ژیانی هاوڵاتییانی دادەبڕێت، پاشان پەیکەرە کارگێڕییەکەی لە هەرەس نزیکدەبێتەوە، ئیتر ئەمە کاریگەری کاتە سەر ئەدای گشتیی ئەو حکومەتە،

چونکە خەڵکەکەی چوونەتە نێو واقعێکی جیاواز لەو واقعەی حکومەتەکەی تێدایە. واقعێکی پڕ لە بێهیوایی لە سەرجەم بوارەکاندا، کە لە زۆر ئەزموونددا ئەمە لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە بەکارهێنراوە بۆ تەشەنەکردنی هزری تیرۆر. گرنگیدان بە تەکنەلۆژیا لە بواری حوکمڕانیدا جگە لەوەی خزمەتگوزارییەکان خێراتر دەگەیەنێتە هاوڵاتییان، لەهەمان کاتیشدا ڕێگرێکی باشیشە کە هاوڵاتییان لە واقعێکی جیاواز لە واقعی حکومەت نەبن.

کەواتە هاوکێشەی حکومەت و هاوڵاتی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هاتنە پێشەوەی فۆڕمە تازەکانی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکان، لە هاوکێشەیەکی سادەوە بۆتە هاوکێشەیەکی ئاڵۆز، بە شێوەیەک کە پێویستت بە لێکدانەوەی سەرجەم ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو هاوکێشەیە دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و هاوڵاتی. لە ئێستادا یەکێک لە کاریگەرترین ئەو فاکتەرانەی ڕۆڵیان لە داڕشتنی ئەو هاوکێشانە هەیە، پرسی حکومەتی زیرەکە، کە تا چ ئاستێک توانراوە دامەزراوە حکومییەکان لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانیاندا پشتی پێ ببەستن و ئامانج و مەبەستی ئەم بەکارهێنانەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر چۆنیەتیی ڕوانینی هاوڵاتی لە حکومەتەکەی. تێگەیشتن لەم هاوکێشانە ئاسان نییە، پێویستی بە توێژینەوەیە لە سەرجەم بوارەکاندا، بە تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان کە ئەزموونی لەم بوارەدا لە قۆناغی بنیادنانە. بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنها کار لەسەر ئەو زەمینەیە دەکەین کە دەکرێ خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی زیرەکی لەسەر بنیادبنرێ، پاشانیش تیشک دەخەینە سەر ئەو ئالنگارییانەی لەم قۆناغی بنیادنانەدا دێنە پێشەوە.

## پرسیاری توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە، پرسیاری توێژینەوەکەمان بریتی دەبێت لەوەی، ئایا ئەو دەرفەت و ئالنگارییانە چین کە دێنە بەردەم پیادەکردنی حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان؟

لەپاڵ ئەوەشدا چەند پرسیارێکی لاوەکی پێویستە وەڵامبدرێنەوە:

- ئایا پەیڕەوکردنی حکومەتی زیرەک چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان؟
- ئایا حکومەتی هەرێم توانیویەتی سوود لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو وەرگرێت لە بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا؟
- ئایا تا ئێستا لە چەند بواری حکومیدا هەوڵدراوە کار بەم فۆڕمی حکومەتداری بکرێت؟
- ئایا ئاستی هۆشیاریی تەکنەلۆژیی هاوڵاتییان لە ئاستی جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە زیرەکەکانە یان بەرزتر و نزمترە؟
- ئەو کێشانە چین ڕووبەڕووی پەیڕەوکردنی حکومەتی زیرەک دەبنەوە لە هەرێمی کوردستان؟
- ئایا چۆن دەتوانین بەسەر ئەو ئالنگارییانەدا سەربکەوین؟

## گریمانەی توێژینەوە

سەرەڕای بوونی توانستی بەرزی تەکنەلۆژی و فەراهەمبوونی نوێترین ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و بوونی ئاراستەیەک بۆ جێبەجێکردنی حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لاوازیی هۆشیاریی تەکنەلۆژی و تێنەگەیشتن لە ئامانج و مەبەستە بنەڕەتییەکانی ئەم فۆڕمە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و نەبوونی زەمینەیەکی ئابووریی پتەو بۆ جێگیرکردنی بناغەی ئەو فۆڕمە لە ئیدارەدانی

خزمەتگوزارییەکان، نەتوانراوە بە شێوەیەکی تەواو کار لەسەر پەرەپێدانی حکومەتی زیرەک بکرێت لە هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەک کە بەشێکی زۆری سستیی پەیوەندییەکانی نێوان هاولاتی و حکومەت بۆ کارا نەبوونی ئەم فۆرمە لە حکومەتداری دەگەڕێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە تاوەکو زەمینەیەکی لەبار بۆ حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان دروستنەکرێت و کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی هاولاتییان بەو ئاراستەیە نەکرێت، هەموو دەست بردنێک بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارە جۆراوجۆرەکانی ئەم فۆرمە لە حکومەت نەدەتوانێ ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و نەدەشتوانی پەرە بە کارەکانی خۆی بدات لە داهاتوودا، بەڵکو جۆرێک لە بێهیوایی لای هاولاتی دروستدەکات بەرانبەر ئەم شێوازە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

**میتۆدی توێژینەوە**

بۆ گەیشتن بە ئامانجە داڕێژراوەکانی توێژینەوەکە، هەوڵدەدەین دوو میتۆد بەکاربێنین. یەکەمیان میتۆدی شیکاری بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی حکومەتی زیرەک لە ڕووی تیۆرییەوە، پاشان لە ڕێگەی ئەو داتایانەی لەبەردەستن، شیکردنەوەک بۆ ئەم زەمینە دەکەین کە لەبەردەستە لە هەرێمی کوردستان بۆ پەیڕەوکردنی میتۆدی حکومەتی زیرەک. دووەم میتۆد بریتییە لە میتۆدی ڕەخنەگرانە، بە پشتبەستن بە بنەما و ڕێسا و ڕەگەزە سەرەکییەکانی حکومەتی زیرەک، هەڵسەنگاندن بۆ ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی حکومەتی زیرەک دەکەین لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین لەم ڕێگەیەوە دەرفەت و ئالنگارییەکان و ڕێگاکانی دەربازبوون لێی دیاری بکەین.

## پێکهاتەی توێژینەوە

جگە لە پێشەکی و ئەنجام، ئەم توێژینەوە لە سێ باس پێکهاتووە. لە باسی یەکەمدا لە چوارچێوەی دەروازەیەک بۆ ناساندنی حکومەتی زیرەک باس لە پێناسە و ئامانج و شێوازەکانی پەیڕەوکردنی حکومەتی زیرەک دەکەین، لەمیانەیدا سوود و تایبەتمەندییەکان و ڕەگەزەکانی حکومەتی زیرەک باس دەکەین و جیاوازییەکانی لەگەڵ حکومەتی ئەلیکترۆنی دەردەخەین. لە باسی دووەمدا تیشک دەخەینە سەر هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ پەنا بردنە بەر حکومەتی ئەلیکترۆنی و ئاماژەکانی دەرکەوتنی حکومەتی زیرەک. لە باسی سێیەمدا لەمیانەی دوو تەوەردا باس لە هەریەکە لەو دەرفەتانە دەکەین کە دەکرێ ببنە زەمینەیەک بۆ حکومەتی زیرەک، هەروەها ئەو ئالنگارییانەش دەخەینەڕوو کە دێنە بەردەم ئەم جێبەجێکردنە. پاشان باس لە ڕێگەچارەکان دەکەین و هەنگاوە سەرەتاییەکانی بنیادنانی زەمینەی حکومەتی زیرەک دەخەینەڕوو.

## توێژینەوەکانی پێشوو

لە بواری حکومەتی زیرەکدا کە قۆناغێکی پێشکەوتووی خزمەتگوزارییە لە بواری حوکمڕانیدا، لە ناوچەکەدا لەگەڵ ئەوەی کەم خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە هەمان کاتدا توێژینەوەکان زیاتر لە قۆناغی سەرەتایی ئەو بوارەدایە، واتە هێشتا لەبواری حکومەتی ئەلیکترۆنیدایە، بۆیە جیاوازیی گەورەی ئەم توێژینەوەی ئێمە زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتن لە قۆناغێکی پێشکەوتووی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چوون بۆ ئەو شێوازە لە حوکمڕانی. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ ئاماژە بەم چەند توێژینەوەیەک بکەین:

١. ((أ.م سلمان عبود زبار، الحكومة الذكية وتطبيقاتها في النقل الذكي دراسة تحليلية لاراء عينه من العاملين في المنظمات العراقية، بحث منشور فى المجلة العراقية للعلوم الادارية، المجلد ١٥، العدد ٥٩. )) ئەم توێژینەوەیە جگە لەوەی لە بواری کەرتی تایبەتیدا زیاتر تیشکی خراوەتە سەر، لە هەمان کات هەوڵێکە بۆ وەرگرتنی بۆچوونی ئەو کرێکارانەی لە بواری گواستنەوەی زیرەکدا کاردەکەن، کە ئاستەنگە تەکنیکییەکانی بەردەستیان چییە لە جێبەجێکردنی کارەکانیان. جیاوازیی توێژینەوەکەمان لەوەدایە لە کەرتی گشتی کە حکومەتە هەڵسەنگاندن دەکەین و نموونەی توێژینەوەکەشمان هەرێمی کوردستانە.

2. Ihsan Abbass Jasim, Sabeeh Lafta Farhan, Sohaib Kareem AL-MAMOORI, ***Smart Government: Analysis of Shift Methods in Municipal Services Delivery: The Study Area: Al-Kut – Iraq***, Journal University of Kerbala , Vol. 15 No.3 Scientific . 2017.

لەم توێژینەوەیەدا زیاتر تیشک خراوەتە سەر ئەو شێوازانەی کە خزمەتگوزارییەکانی کەرتی شارەوانی دەگوازرێنەوە بۆ ئەلیکترۆنی لە پارێزگای کوت لە عێراق. بەڵام توێژینەوەکە تەنها یەک سێکتەری وەرگرتووە، لە کاتێکدا حکومەتی زیرەک بریتییە لە بە ئەلیکترۆنیکردنی سەرجەم ڕەهەندەکانی پەیوەست بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی حکومی. بۆیە توێژینەوەکەی ئێمە لەوەدا جیاوازە کە کۆی حکومەت بەیەکەوە گرێدەدات لە هەڵسەنگاندنی شێوازی پەیڕەوکردنی شێوازی حکومەتی زیرەک.

3. Dr. Sayed AbdelGaber, Dr. Marwa Salah Farhan, ***Converting Kuwait from Electronic Government to Smart***

*Government*, International Journal of Computer Science and Information Security (IJCSIS), Vol. 18, No. 10, October 2020.

ئەمە توێژینەوەیەکی پوختە لەسەر ئەو ڕێگایانەی وڵاتی کوەیت گرتوویەتییە بەر بۆ گواستنەوە لە حکومەتی ئەلیکترۆنییەوە بۆ حکومەتی زیرەک، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم گۆڕانکارییەی نەکردووە، بەڵکو تەنها جەخت لەسەر شێوازی گواستنەوەکە کراوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو تیشک بخەینە سەر ئاستەنگەکانی جێبەجێکردنی حکومەتی زیرەک بۆ ئەوەی لەپاڵ دەرفەتەکان بیکەینە ڕێگایەک بۆ زەمینەسازیی جێبەجێکردن.

## ١. دەروازەیەک بۆ ناساندنی حکومەتی زیرەک

گەر حکومەتی ئەلیکترۆنی، بریتیی بێت لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئینترنێت لە پیشکەشکردنی خزمەتگوزاری؛ ئەوا حکومەتی زیرەک بەو حکومەتە دەگوترێت کە تەکنەلۆژیای زانیاری لە گەیاندنی خزمەتگوزاریی حکومی بە هاووڵاتیان و یەکخستنی سیاسەتی گشتیی حکومەت، بەکاردێنێت. حکومەتی زیرەک، چەندین تایبەتمەندیی هەن دەشێ سوودێکی زۆر بە کۆمەڵگە بگەیەنێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە چ جۆرە کۆمەڵگەیەک دەتوانێت حکومەتی زیرەک لەخۆبگرێت؟ ئایا سروشتی ئەو کۆمەڵگەیە، دەبێت چۆن بێت؟ ئایا حکومەتی زیرەک دەتوانێت لە کۆمەڵگەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان کار بکات؟ ئایا هەرێمی کوردستان تاچەندە زەمینەیەکی لەباری بۆ ئەو مەبەستە هەیە؟ پێویستە هەرێمی کوردستان چی بکات بۆ پەیرەوکردنی فۆڕمی حکومەتی زیرەک؟

### ۱.۱. حکومەتی زیرەک چییە؟

ئەو حکومەتانەی گرنگی بە بەدەستخستنی تەکنەلۆژی دەدەن، کار لەسەر بەگەڕخستنی هەموو پڕۆژەیەک دەکەن بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ گواستنەوەی تەکنەلۆژی و بەرەوپێشبردنی توانا نیشتمانییەکان. بەڵام لەبەرئەوەی حکومەتی زیرەک پەیوەستە بە سروشتە ئەلیکرترۆنییەکەیەوە بۆیە وا پێویست دەکات سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ چەمکی حکومەتی ئەلیکترۆنی. وەک ناساندنێکی سەرەتایی بۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی، دەشێ بگەڕێینەوە بۆ مانا زمانەوانییەکانی ئەو چەمکە. حکومەتی ئەلیکترۆنی-(e government)لە ڕووی زمانییەوە بریتییە لە سیستەمێک کە حکومەتەکان دەیگرنەبەر، بە بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینترنێت لە بەستنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەیەکەوە لە لایەک و، بەستنەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە دامەزراوە تایبەتییەکان و جەماوەر بە گشتی لە لایەکی دیکەوە، بۆ ئەوەی زانیاری بخاتە بەردەست تاک لە پێناو هێنانەکایەی پەیوەندییەکی شەفاف و خێرا لە نێوان تاک و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا(زبار، ۱، ۲۰۲۰-٤۱).

لە بەرانبەردا، پڕۆگرامی (OECD) وا پێناسەی حکومەتی زیرەک دەکات کە بریتییە لە فراوانکردنی توانستی حکومەت بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ڕێگەی ئامرازە تەکنەلۆژییەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی سوود و قازانج بۆ حکومەت، هاوڵاتی، و کۆمپانیاکان، هەروەها دروستکردنی کاریگەریی ئەرێنی لەسەر گەشەی ئابووری. حکومەت لە ڕێگەی ئەم فۆرمە لە خزمەتگوزاری سوود بە خۆی و دەوروبەری دەگەیەنێت (OECD).

دەتوانین بڵێین حکومەت زیرەک بەشێک نییە لە حکومەتی ئەلیکترۆنی، بەڵکو فراوانترە لە حکومەتی ئەلیکترۆنی، بە شێوەیەک کە

زۆرجار حکومەتی ئەلیکترۆنی بەشێک دەبێ لە ڕەهەندەکانی حکومەتی زیرەک (El-Kiki, 2005). سەرەڕای ئەمەش، ئەم فۆڕمە لە خزمەتگوزاری تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە جیاوازە لە تایبەتمەندییەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی. (Goyal and Purohit, 2012). لەلایەکی دیکەوە هەندێ توێژەر پێیانوایە حکومەتی زیرەک نەهاتووە بۆ ئەوەی جێگەی حکومەتی ئەلیکترۆنی پڕبکاتەوە، بەڵکو هاتووە بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بباتە ئاستێکی پێشکەوتووتر و باڵاتر. (Al-Hadidi, 2010)

یەکەمین کەس کە چەمکی خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی بۆ کاری حکومی بەکارهێنا، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا "بیل کلینتۆن" بوو. کلینتۆن لە نێوەندی وتارێکیدا لە ساڵی ١٩٩٢، پڕۆژەیەکی خستەڕوو، کە تێیدا باسی بەگەڕخستنی حکومەتی ئەلیکترۆنیی کرد. ئامانج لەو پڕۆژەیە باشترکردنی پەیوەندیی خەڵک بە دامەزراوەکانی حوکمڕانی و فراوانکردنی سنووری دیموکراسی و کارگێڕی بوو لەم ڕێگەیەوە. لەم کاتەدا ئامانجی پڕۆژەی حکومەتی ئەلیکترۆنی، لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوت، هەروەک لە پڕۆژەکەی کلینتۆندا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی پێ کرابوو، لەوانە: (عباس، ٢٠١٦)

١- ئامادەسازیی دەزگا حکوومییەکان بۆ ئەوەی لە بواری ناوخۆ و دەرەوە بەئەلیکترۆنیبکرێت.

٢- بەرزکردنەوەی توانستی دەزگا حکوومییەکان لە ڕێگەی ئەو سیستەمە ئەلیکترۆنییەی، حکومەت کاری لەسەر دەکات.

٣- دابینکردنی چەندین خزمەتگوزاری کە پەیوەستە بە ڕێژەیەکی فراوانی خەڵک لەسەر تۆڕەکانی ئینترنێت و لەسەر هێڵی مۆبایل.

٤- بەردەستکردنی زانیاریی دروست و نوێ بۆ دروستکەرانی بڕیار و خەڵک.

٥- بەردەستکردنی یەک سەرچاوە بۆ زانیارییەکانی حکومەت، کە خەڵک بتوانێ مامەڵەی لەگەڵ بکات.

٦- بەرەوپێشبردنی ژێرخانی گشتیی دەوڵەت لە ژینگەی پەیوەندی و گەیاندنەوە.

٧- ئاسانکردنی مامەڵەی ئەلیکترۆنیی هاووڵاتیان.

٨- چالاککردنی ئەدای حکومەت، بۆ ئەوەی دەرەنجامی باشتر بەدەستبێنێت.

هەروەها هەندێ توێژەر تەبەنیکردنی حکومەتی زیرەک لەسەر هەمان ڕێچکەی حکومەتی ئەلیکترۆنی زۆر بە وردی دیراسە دەکەن. بەڵام ئەو توێژینەوانەش سنووری خۆیان هەیە. ئەم سنووربەندکردنەش پەیوەستە بە باڵاتربوونی حکومەتی زیرەک لە حکومەتی ئەلیکترۆنی لە ڕووی ئەرک و تایبەتمەندییەوە. لەلایەکی دیکەوە خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان وای لە هەندێ توێژەر کردووە کە سوود لەو تیۆرانە وەرگرن لە شیکردنەوەی حکومەتی زیرەک کە پەیوەستن بە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی(Hartanti,2020 ) (الخمایسة، ٢٠١٧)

## ٢.١. کۆڵەکەکانی حکومەتی زیرەک

مانای حکومەتی زیرەک لەوە ڕەنگدەداتەوە کە هەوڵ بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ئەرکەکانی حکومەت دەدات بە شێوەیەکی چالاکتر، بۆ ئەوەی خێراتر خزمەتگوزارییەکانی بگاتە هاووڵاتیان. نەوەک تەنها ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی. لەم سۆنگەیەوە،

دروستکردنی ژینگەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ کاری حکومی لەسەر چوار پێگەی سەرەکی کاردەکات، کە هەر یەکێ لەو پێگانە بەشێک لەو ئامانجانە پێکدێنن کە حکومەتی ئەلیکترۆنییان بۆ خراوەتەگەڕ.

بەپێی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەسەندن لەبواری ئابووری (OECD)(Pereira,2018 ) چوار نموونەی بنەڕەتی هەن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی زیرەک.

١ -**پێگەی حکومەت بۆ حکومەت:** (government to government)ئەمە پێگەیەکە بۆ مامەڵەی نێوخۆیی دەزگا حکومییەکان، بۆ ئەوەی باشتر بەیەکەوە ببەسترێنەوە. لەو بوارەدا ئامانجی حکومەتی ئەلیکترۆنی، بریتی دەبێت لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە نێوان وەزارەتەکانی حکومەتدا هەیە.

٢ -**پێگەی حکومەت بۆ کەرتی تایبەت:** (government to business) ئەم پێگەیەش تایبەتە بە مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ کەرتی تایبەت. لێرەدا حکومەتی ئەلیکترۆنی مەبەستی ئەوەی هەیە کە لە ڕێگەی ئاسانکردنی مامەڵەی دامەزراوە بازرگانییەکانەوە بازنەی ئابووری چالاک بکات؛ چ لەسەر ئاستی نیشتمانی بێت، یان لەسەر ئاستی خۆجێیی بێت.

٣ -**پێگەی حکومەت بۆ هاووڵاتی:** (government to citizen) ئەمەش بۆ مامەڵەی دەزگا حکومییەکانە لەگەڵ هاووڵاتیان. زۆربەی ئامانجەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی لەو بوارەدا دەردەکەوێت. سەرەکیترین ئامانج ئەوەیە کە حکومەت لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت خۆی بەرەو هاووڵاتی بڕوات، لە بری ئەوەی هاووڵاتیان بۆ لای ئەو بچن. تەنانەت لە بوارە سیاسییەکانیشدا دەشێ سوودی لێ وەربگیرێت، بە تایبەتی لە دەنگدانی ئەلیکترۆنی بۆ هەڵبژاردن.

٤- **پێگەی** حکومەت بۆ دەرەوە: گرنگترین ئامانج لەو بوارەدا بەستنەوەی حکومەتە بە ژینگەی دەرەوە، بە تایبەتی لە بواری پەیوەندیی دیپلۆماسی و بوارەکانی پەیوەست بە گەشتیاری.

ئەم کاتیگۆریانە دەبنە پێوانێکی مەتری کە ئامانج لێی ڕازیکردنی هەموو لایەنە بەکاربەرەکانی ئەم فۆڕمە لەکارکردنە. دەکرێ خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی زیرەک دابەشبکەینە سەر ئەم چەند خزمەتگوزارییە: (Jotischky and Nye, 2011)

١. پەیوەندییەکان: حکومەتەکان دەتوانن ئامێرەکانی مۆبایل بەکاربهێنن بۆ گەیشتن بە هاوولاتیان لە ڕێگەی جۆرەها ئاگادارکردنەوە بۆ نموونە بەکارهێنانی ئاگادارکردنەوەی خزمەتگوزاریی کورتەنامە یان کەناڵەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گەیشتن بە هاوولاتیان بۆ نوێکردنەوەی باج و نوێکردنەوەی پاسپۆرت و ...هتد.

٢. خزمەتگوزارییەکان: هەندێک مامەڵە وەک پارەدانی غەرامە، کرێی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی، بلیتی گواستنەوەی گشتی و هتد دەتوانرێت بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی مۆبایل لە ڕێگەی نامە یان بەرنامەی مۆبایلەوە ئەنجامبدرێن.

٣. دیموکراسی: خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانن وەک پشتیوانێکی دیموکراسی بەکاربهێنرێن لە ڕێگەی ڕێگەدان بە هاوولاتیان بۆ چوونەناو بڕیاری سیاسی وەک پەیوەندیکردن لەگەڵ نوێنەرانی سیاسی ناوخۆ و دەنگدانی ئەلیکترۆنی.

٤. بەڕێوەبردن: باشکردنی کردارە ناوخۆییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان ئاژانسەکان لەناو هەمان حکومەت و دروستکردنی پلاتفۆڕمێکی یەکخراوتر بۆ هەموو فەرمانبەرانی کەرتی گشتی، ئەگەر داتا

داواکراوەکان لەسەر ئینتەرنێت یان تۆڕ یان تەنانەت ئامێری هەڵگر بەردەست بێت. بەکارهێنانی شاراوەی بەڕێوبەرایەتی لە ڕێگەی پزیشکییەوە، چارەسەرکردنی سکاڵای هاووڵاتیان، چاودێریکردنی کارە گشتییەکان و هتد دەگرێتەوە.

### ٣.١. ئامانجە ستراتیژیەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی

وڵاتان لە پێناو باشترکردنی ئەدای کارگێڕیی حکومەت، هەوڵی پەیڕەوکردنی حکومەتی زیرەک دەدەن. ئەگەر حکومەتی زیرەک ستراتیژییەتێک بێت لە لایەن حکومەتەوە بگیرێتە بەر، ئەوا چەندین ئامانجی سەرەکی لەمەدا هەیە: (Wirtz، ٢٠١٩، ٣٣٣-٣٤٥) (S. K. Kim، ٢٠١٩، 624-604) ( AbdelGaber، ٢٠٢٠)

**یەکەم: توانستی حکومەت:** گومان لەوەدا نییە کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیی زانیاری و پەیوەندیکردن لە کاری حکومیدا، بە واتای فراونبوونی سەرچاوەکانی بەردەستی حکومەت لە پێناو کەمکردنەوەی خەرجیی گشتییە. بەهۆی بەگەڕخستنی ئەم ستراتیژییەتەوە، بەشدارییەکی فراوانتر لە لایەن هاووڵاتیانەوە دەستەبەردەبێت. بەمەش بەدەنگەوەچوونی حکومەت بۆ داواکاریی هاووڵاتیان فراوانتر دەبێت و، توانستی بەرزتر دەبێتەوە و، هەروەها تێچووی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی زانیارییە فەرمییەکان کەمدەبێتەوە.

**دووەم: باشکردنی کوالیتیی خزمەتگوزارییەکان:** بەکارهێنانی ئینترنێت، خێرایی گەیشتنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان زیاددەکات و، جەخت لەسەر داواکاریی وردی هاووڵاتیان دەکاتەوە. لە ڕێگەی هێڵە زیندووەکانەوە هاووڵاتی، ڕاستەوخۆ سوودمەنددەبێت، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان خێراتر دەبێ.

**سێیەم: چالاککردنی سیاسەتەکانی حکومەت:** حکومەتی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژییەوە لە بواری تەندروستی و پەروەردە و ئاسایش و لەناوبردنی تاوان، دەرەنجامی باشتر بەدەستدەهێنێ، ئەویش بە هۆی بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینترنێت. هەروەها حکومەت لەم ڕێگەیەوە سیاسەتی باجی ئەلیکترۆنی خێراتر جێبەجێدەکات. (Lim، ٢٠١٣، 2817-2826)

**چوارەم: گەیشتن بە ئامانجە ئابوورییەکان:** دەکرێ ئەم تەکنەلۆژییە بە گەشەی ئابوورییەوە ببەسترێتەوە؛ ئەمەیش لە ڕێگەی چالاککردنی سەرچاوەکانی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان و باشترکردنی بەرهەمەکانەوە.

**پێنجەم: بەشداریکردن لە پرۆسەی چاکسازیی کارگێڕی:** چونکە حکومەتی ئەلیکترۆنی لە چاودێریکردنی بڕیارەکانی حکومەتدا دەرفەتێکی زیاتر بە هاووڵاتی دەبەخشێ و، شەفافبوونی پرۆسەی کارگێڕی زیاتر دەکات.

**شەشەم: بەدەستهێنانی متمانەی هاووڵاتیان:** پێداگرتن لەسەر پرەنسیپی بەشداریی هاووڵاتیان و خستنەسەرکاریان، دەشێ ببێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیی هاووڵاتی لەگەڵ حکومەت، بەڵام ئەمە چۆن بەدەستدێت؟ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییە، پەیوستە بە چەندین فاکتەر، لەوانە: بەشداری، لێپرسینەوە و چالاککردنی حوکمڕانیی باش. (Alshamsi، ٢٠٢٠، 12086-12100)

### ٤.١. هەنگاوەکانی چوون بەرەو حکومەتی زیرەک

**١ -ئامادەسازی:** ئەمە ئاسانترین و سەرەتاییترین و هەرزانترین هەنگاوی کارپێکردنی حکومەتی زیرەکە؛ باشترین نموونەیش بۆ ئەم

قۆناغە دروستکردنی پێگەیەکە لەسەر تۆڕی ئینترنێت کە گشت زانیارییەکانی تایبەت بە حکومەت لەخۆبگرێت. بۆ نموونە لەسەر کارەکانی دامەزاروە حکوومییەکان و خزمەتگوزارییەکان و چۆنێتیی پەیوەندیپێوەکردنیان و ناونیشانیان، زانیاریی تێدا بێت. ئەمە جگە لەوەی هەنگاوێکی سەرەتاییە، لە هەمان کاتدا بە هەنگاوێکی بنەڕەتییش دادەنرێت (Al-Khouri ، ٢٠١٣، ١٢٦).

٢ **-کارلێک و پەیوەندی:** لەم قۆناغەدا هاوولاتی لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە پەیوەندی بە دەزگا حکوومییەکانەوە دەکات، لە بری ئەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکەی سەردانی باڵەخانەی دامەزراوەکان بکات؛ لە بری ئەوە، لە ماڵەکەی خۆی فۆڕمی تایبەت پڕدەکاتەوە و بۆ ئەو پێگەیەی دەنێرێتەوە. ئەمەیش جگە لەوەی تێچووی دارایی لەسەر حکومەت و هاوولاتی کەمدەکاتەوە، لە هەمان کاتدا کارەکان خێراتر دەکات. (Al-Obaithani ، ٢٠١٨، ٣٠)

٣ **-مامەڵەکان:** ئەمە هەنگاوێکی پێشکەوتووترە لەوانەی پێشتر؛ بەوەی هەنگاوێکی زیاتر ڕێکخراوترە. ئەمە پەیوەستە بەو مامەڵانەی سروشتێکی پراکیتکییان هەیە. بۆ نموونە هاوولاتی، هەموو هەنگاوەکانی مامەڵەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە ماڵەکەیدا تەواو دەکات و، تەنیا ڕۆژی تاقیکردنەوە سەردانی دەزگای پەیوەندیدار دەکات؛ یان کاتێک هاوولاتی بیەوێت باج بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان بدات، لێرەدا بۆ تەواوکردنی ئەو مامەڵەیە پێویستی بە سیستەمێکی بانکی ئەلیکترۆنی دەبێت. (هەمان سەرچاوە، ٣٣)

٤ **-گواستنەوەی تەواوەتی:** ئەمە دوا هەنگاوی بەئەلیکترۆنیبوونی کارگێڕیی حکومەتە. تا ئێستا هیچ وڵاتێک بە تەواوی نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە؛ لەبەر چەندین هۆکار، کە پەیوەستن بە دیدی کۆمەڵایەتی و

مرۆیی بۆ توانا مرۆییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتە پێشکەوتووەکان هەمیشە لە هەوڵدانی بەردەوامدان بۆ ئەوەی لە پێناوی نزیکبوونەوەی زیاتر لە هاووڵاتی و کەمکردنەوەی تێچووی کاروباری حکومیدا، زۆرترین کارەکانیان بەئەلیکترۆنیبکەن. (هەمان سەرچاوە، ٣٦)

**٥.١. مەرجەکانی پەنابردنە بەر حکومەتی زیرەک**

بەڵام لە بەرانبەر هەموو ئەمانەدا هەندێ فاکتەر هەن دەبێ لەبەرچاوبگیرێن، کاتێک حکومەت هەوڵی بەئەلیکترۆنیکردنی کارەکانی دەدات: (Lallana، 2004) ( Al-Khouri، ٢٠١٤)

١- ئەم گۆڕانکارییە لە کاری حکومەت، نابێت بە شێوەیەک بێت کەوا دەرگە لەسەر دامەزراوەکان دابخرێت و فەرمانبەرانی پشتگوێ بخرێن، بەڵکوو دەبێت لە چوارچێوەیەکی فراواندا بۆ زیاتر ئاسانکردنیی کارەکان، فەرمانبەران بخرێنە ناو ئەم پرۆسە ئەلیکترۆنییەوە.

٢- پشتگیریی سەرکردە سیاسییەکان و بەرپرسە باڵاکانی حکومەت بۆ ئەم پرۆسەی گۆڕانکارییە، بە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی حکومەتی ئەلیکترۆنی دادەنرێت. بۆیە دەبێ ئەو ڕەزامەندی و پشتگیرییە لەبەرچاوبگیرێت.

٣- پێویستە کار لەسەر بەهێزکردنی ڕۆشنبیریی ئەلیکترۆنی بکرێت لە لای هاووڵاتی، بۆ ئەوەی بەئاسانی سەردانی ئەو پێگە فەرمییانە بکات و لەو دەروازەیەوە پەیوەندییەکی خێراتر لەگەڵ حکومەت دروستبکات.( Guenduez، ٢٠١٨، ٩٦-١١٠)

## ٢. حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان

هەرچەندە دروستبوونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیدا هاوکات بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا قۆناغە سەرەتاییەکانی بەڕێوەبردنی ئەم هەرێمە، بە هەموو شێوەیەک دوور بوو لە کارگێڕیی ئەلیکترۆنی. تەنانەت یەکەمین هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، بە کلاسیکترین شێوە ئەنجامدرا؛ هەروەها زانیارییەکانی حکومەت و پەرلەمان، بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی نەدەگەیشتنە هاووڵاتی.

دوای تێپەڕاندنی کۆمەڵێک قۆناغی پڕ ئاریشە، دواجار هەرێمی کوردستان وردە وردە لە هەندێ بواری تەسکدا، پەنایبردەبەر ڕێکارە ئەلیکترۆنییەکان. بەڵام هەموو ئەو ڕێکارە ئەلیکترۆنییانە، لە هەمان کاتدا هاوتا کلاسیکییەکەیشی کاری پێ دەکرێت.

ئێستا کە هەرێم بە قۆناغێکی نالەباری ئابووری و کارگێڕیدا تێدەپەڕێت، ئاماژەکانی پێویستبوون بە حکومەتی زیرەک، بە ڕوونی دەردەکەون. پەیامی سەرکردە سیاسییەکان بۆ چاکسازی لە بواری کارگێڕی و داراییدا بەڕێوەناچێت، گەر پەنا بۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی (زیرەک) نەبردرێت. ئەم گوتارە بە ڕوونی لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگیداوەتەوە. (حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٨) دواجار ئێستا لە کۆمەڵێک سێکتەرەوە هەنگاوە سەرەتاییەکانی چوون بەرەو حکومەتێکی ئەلیکترۆنی، دەستیانپێکردووە؛ بە تایبەت لە بواری سەرژمێریی هاووڵاتیان و فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم. هەندێ بواری کارگێڕی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی. (ئەرکەکانی حکومەتی هەرێم، ٢٠١٩)

## ١.٢. هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ بەئەلیکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییەکان

دەتوانین بڵێین کرانەوەی ئابووری و کرانەوەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەیان ئاشناکردووە بە نوێترین پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، لەپاڵ ئەوەشدا تازەترین شێوازەکانی کارگێڕیی ئەلیکترۆنی و پەنابردن بۆ حکومەتی زیرەک (لەهەندێ وڵات چەمکی شاری زیرەک بەکاردێت) بە ئاسانی لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمەوە درکیپێدەکرێت. ئەم تێگەشتنە پێشوەختەی هاووڵاتی، وای لە حکومەت کردووە بیر لە بەئەلیکترۆنیکردنی ڕێکارە کارگێڕییەکانی تایبەت بە خزمەتگوزارییە حکومییەکان بکاتەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەبینین چەندین هەوڵ هەیە بۆ ئەم مەبەستە. ( بدران، ٢٠٠٤)

لە ماوەی ٢٦ ساڵی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا، چەند کارێک تا ئێستا بەئەلیکترۆنی کراون کە ژمارەیان زۆر کەمە. لە پاڵ ئەوەیشدا لە ستراتیژییەتی حکومەتی هەرێمە، کە ئەو بوارانە فراوان بکات. گرنگترین ئەو بوارانەی تا ئێستا بەئەلیکترۆنی کراون:

١- تۆماری قوتابیان و پڕکردنەوەی فۆڕمی تایبەت لە پڕۆسەی وەرگرتنی قوتابیان بۆ زانکۆ، هەروەها پڕکردنەوەی فۆڕمی تایبەت بۆ پڕۆژەی تواناسازی. ئەوەی بە زانکۆ لایەن ناسراوە، کە تێیدا قوتابیانی دوا قۆناغی ئامادەیی هەڵدەستن بە پرکردنەوەی فۆڕمێکی ئەلیکترۆنی بۆ پێشکەش کردنی داخوازینامە بۆ وەرگرتن لە زانکۆ حکومییەکان بە چەند سیستەمێکی جیاواز.(regayzanko.com) هەر لە چوارچێوەی کاری وەزارەتی خوێندنی باڵادا، پرسی یەکسان کردنی بڕوانامە پێشینەیەکی ئەلیکترۆنیان بۆ داناوە، بەڵام پێویست بە بەدواداچوونی مەیدانییە بۆ تەواوکردنی مامەڵەکە.(equalization.digital.gov.krd/ )

٢- تۆماری ئەلیکترۆنیی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەڕێوە چوو. ئەم پڕۆژەیە هەرچەندە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک کاری لەسەر کرا، بەڵام دواتر بە هۆی بوونی هەڵەی تەکنیکییەوە پاشەکشێ لەو پڕۆسەیە کرا. بەشێکی زۆری فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە ڕێگەی دروست کردنی دۆسیەی ئەلیکترۆنی سەردانی فەرمانگەیەکی تایبەتییان بۆ ئەوەی هەر فەرمانبەرێک ببێتە خاوەن بارکۆدێکی دیاریکراو. ئەمەش وەک سەرەتاییەک دادەنرێت بۆ پاککردنەوەی لیستی فەرمانبەران لە گەندەڵی.

٣- بەشێکی سیستەمی باج و سەرپێچییەکان بەئەلیکترۆنی کرا، بەتایبەت لە بواری هاتوچۆدا. ئەم پڕۆسەیەیش بە هۆی نەبوونی سیستەمێکی ئەلیکترۆنییەوە بۆ مامەڵە داراییەکان، تەنیا بەشێکی بەئەلیکترۆنی کراوە. بەڵام سیستەمەکە لەسەرەتادا تەنها بۆ زانینی بری سەرپێچیی بوو، دواتر لەگەڵ گۆرینی ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێم دوای هاتنی کابینەی نۆیەم، ئەم پێگەیە لەکارکەوت و جێگرەوەیەکی تازەی بۆ دروست کرا.

٤- خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی ناوخۆ:

أ. پڕکردنەوەی فۆڕمی تایبەت بە پاسەپۆرت و کارتی نیشتمانی، کە بەشێوەیەکی مەرکەزی لە حکومەتی فیدراڵییەوە ئامادەکرابوو، بەڵام ئەم پڕۆسەیە بە هۆی چالاکنەبوونی ئەو پێگە ئەلیکترۆنییەی بۆ ئەو مەبەستە دروست کرابوو، تەمەنی درێژ نەبوو، لەبەرامبەردا ئێستا هاوڵاتیان بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمی ئەلیکترۆنی پێویستە سەردانی فەرمانگەکان بکەن و لە ڕێگەی کەرتی تایبەتییەوە ئەم کارە بکەن.

ب. یەکێک لە خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی ناوخۆ، پێدانی ڤیزای هاتنە نێو هەرێمە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی، ئەمە جگە هەر لە

ڕێگەی ئەم پێگە ئەلیکترۆنییەوە ماوەی نیشتەجێبوون و مانەوە لە هەرێمی کوردستان دیاریدەکرێت. بەڵام ئەم فۆڕمە ئەلیکترۆنییە بۆ تەواوکردنی ڕێکارە کارگێڕییەکانی پێویستی بە سەردانی فەرمانگەی پەیوەندیدار هەیە. ( /evisa.moi.gov.krd)

ت. پێگەیەکی تازەی سەرپێچیی هاتووچۆ، بۆ زانینی بڕی سەرپێچی بەر لەوەی سەردانی فەرمانگەی دیاریکراو بکەی. ( gov.krd/moi/services/سەرپێچی-هاتووچۆ/)

ث. بەشێکی زۆری مامەڵەکانی پەیوەست بە دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری، دەرکردنی ساڵنامەی ئۆتۆمبیل و نوێکردنەوەی، بەئەلیکترۆنیکراون، بەڵام لەسەر پێگەی ئەنتەرنێت نییە، بەڵکو لەناو فەرمانگەکە بەشێک تەرخانکراوە بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمی ئەلیکترۆنی لە بری فۆڕمی کلاسیکی.

٥- پڕۆسەی هەڵبژاردن، بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی دواهەمین خولی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگەکان. تۆمارکردنی دەنگدەران و بەشێکی پڕۆسەی دەنگدان و بەشێکی پڕۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان و دەرهێنانی دەرەنجامەکان ئەلیکترۆنی بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی تێکەڵ بە ڕێکارە کلاسیکییەکان کرابوون، بۆیە ئەو دەرەنجامەی نەپێکا کە حکومەتی ئەلیکترۆنی هەیەتی.

٦- خزمەتگوزاریی وەزارەتی پەروەردە: سێکتەری پەروەردە لەگەڵ هاتنی پەتای کۆڕۆنا تووشی جۆرێک لە پەککەوتنی کاتی هات، بۆیە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بڕیاریدا بیر لە جێگرەوە بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەڵسا بە دروستکردنی پێگەی خوێندنی ئەلیکترۆنی (www.ewane.krd) بەڵام بە شێوەیەکی کاتی، کە دواجار ناتوانرێ پشتی پێ ببەسترێت. لەدوای ئەمەوە وەزارەتی پەروەردە پێگەیەکی بۆ سکاڵای ئەلیکترۆنی دروستکرد (e-parwarda.com/Skala) بەڵام

نازانرێت ئایا سکاڵان چۆن وەڵامدەدرێنەوە و بە چ شێوەیەک کاریان لەسەر دەکرێت.

٧- لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان و چۆنیەتیی ئەنجامدانی پرۆژە حکومییەکان لەلای کەرتی تایبەتەوە، حکومەتی هەرێم پێگەیەکی دروستکردووە بۆ گرێبەستی ئەلیکترۆنی (خەندان،٢٠٢٠) هەروەها پێگەیەکی تریشی تەرخانکردووە بە زیادکردنی ئاشکراوە (تەندەر). بەڵام لەمەشیان بۆ تەواوکردنی مامەڵەکە پێویستت بە ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی هەیە.

### ٢.٢. سروشت و ئاستی پەیڕەوکردنی حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان

ئەگەرچی بانگەشەیەکی زۆر بۆ پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردنی فەرمانگە حکومییەکان هەیە، لەپاڵ ئەوەشدا پسپۆڕانی ئابووری بەشێک لە ئاریشە ئابوورییەکان دەگەڕێننەوە بۆ ئەو قەبارە گەورەی فەرمانگە حکومییەکان هەیانە، بۆیە پێویستیی پەیڕەوکردنی حکومەتی زیرەک، ئەگەر جارێک بە سوودی کوالیتیی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان بێت، ئەوا لە چەندین ڕوانگەوە بە سوودی حکومەتی هەرێم دەبێت.

### ١.٢.٢. سروشتی خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنیی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەگەر سەیری سروشتی کارکردنی حکومەتی هەرێم بکەین بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان و بەگەڕخستنیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، دەبینین کەموکوڕییەکی زۆری پێوەدیارە، بە شێوەیەک کە هاوتاکراوە لەگەڵ ڕێگە کلاسیکییەکە. سەرەڕای ئەمانەش حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانگەیەکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە لە چوارچێوەی

ئەنجوومەنی وەزیران تەرخانکردووە بە ناوی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری ( gov.krd/dit) کە کاری سەرەکیی ئەم فەرمانگەیە خۆی لە چەند ئامانجێکدا دەبینێتەوە کە بریتین لە:

١. پەرەپێدان و کارکردن لە سەر وەرچەرخانی دیجیتاڵیی حکومەت
٢. هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتیی ئەلیکترۆنی، کە بەڕێوەبردنی سەرجەم خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکانی حکومەتی هەرێم لەخۆدەگرێت.
٣. داڕشتنی ستراتیجی، ڕێنمایی و ڕێکارەکانی حکومەتی دیجیتاڵی (ئەلکترۆنی)
٤. پەیوەندییە دیجیتاڵییەکانی حکومەتی هەرێم

بە شێوەیەکی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە چەند شێوەیەک هەوڵیداوە کار بە ڕەهەندە ئەلیکترۆنییەکان بکات وەک سەرەتایەک بۆ چوون بەرەو حکومەتی زیرەک، لەوانە:

١. بەرنامەی مۆبایلی زیرەک (لەسەر هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس) وەک پڕکردنەوەی فۆڕمی تۆمارکردن بۆ وەرگرتنی پێکوتەی دژە کۆڕۆنا.
٢. فۆڕمی ئەلیکترۆنی، کە لە ڕێگەی برۆسەرەکانی کۆمپیوتەرەوە تێهاوێشتەی (ئینپۆت)ی هەندێ خزمەتگوزاریی بەئەلیکترۆنیکراوە، وەک فۆڕمی زانکۆلاین و فۆڕمی نشینگە.
٣. زانیاری و بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکان، بە تایبەت لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی پەتا کۆڕۆنا، حکومەتی هەرێمی پلاتفۆڕمێکی تایبەتی لەسەر بەنامەکانی پەیوەندیکردن دروستکرد بۆ ئەوەی زانیاری و ئاگادارییەکان بە شێوەیەکی خێراتر بە هاوڵاتیان بگەن.

### ٢.٢.٢. ئاستی پەیڕەوکردنی حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان

بۆ پێوانی ئاستی پەیڕەوکردنی حکومەتی زیرەک، پێویستە لە دوو ڕوانگەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەی. ڕوانگەی یەکەم پەیوەستە بە ئامانجەکانی پەیڕەوکردنی ئەم فۆڕمە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پەیوەندیکردن بە هاوڵاتییان. بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا تا چەندە ئامانجی ستراتیژی و گشتییەکانی خۆی پێکاوە. ڕوانگەی دووەمیش پەیوەستە بە کۆلەکەکانی حکومەتی زیرەک، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم بنەما سەرەکییانەوە ئاستەکەی دیاریبکرێت.

ئەگەر سەیری دەستبردنی حکومەتی هەرێم بکەین بۆ خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی، دەکرێ چەند خاڵێک دەستنیشان بکەین:

١. دەستبردنەکە گشتگیر نییە و سنووردارە. بە دوو شێواز سنووردارکراوە. سنووری یەکەم پەیوەستە بەوەی هەموو سێکتەرەکانی نەگرتۆتەوە. سنووربەندکردنی دووەمیش پەیوەستە بەوەی لە هەر بوارێک دەستی بۆ بردرابێت، بە تەواوی نەبووە، بە شێوەیەک کە هەموو مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان لە قۆناغی دووەمدا پێویستیان بە سەردانی مەیدانی هەیە بۆ فەرمانگەکان.

٢. ئامانجێکی بنەڕەتی فۆڕمی حکومەتی زیرەک، جگە لەلایەنی تەکنیکی، بریتییە لە کەمکردنەوەی خەرجیی تێچووی ڕێکار و خزمەتگوزارییە حکومییەکان، هەروەها کەمکردنەوەی کاتی مامەڵە حکومەییەکان و زووتر گەیشتنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان. بەڵام ئەم فۆڕمە لە هەرێمی کوردستان، پێچەوانەی ئامانجەکە بووە، لەبەرئەوەی پیادەکردنی شێوازی ئەلیکترۆنیی مامەڵەکان دراوەتە کەرتی تایبەت، بۆیە هەم تێچوویەکی زیادی لەسەر حکومەت هەیە، هەمیش هاووڵاتی تێچوویەکی زیاتری دەبێ لە هەر مامەڵەیەک. بۆ نموونە

مامەڵەکانی دادنووسی، بەر لە پڕۆسەی بەئەلیکترۆنیکردن، لەسەر هاووڵاتی تەنها دە هەزار دینار دەکەوت، بەڵام دوای پڕۆسەی ئەلیکترۆنی ٣٥ هەزار کەوت، لەمە ٢٥ هەزار بۆ کەرتی تایبەتی بوو، کە لە ڕووی کاتیشەوە کاتی مامەڵەکانی زۆر زیاتر کرد.

٣. ئەو خزمەتگوزارییانەی هەرێمی کوردستان ڕەهەندی ئەلیکترۆنی بۆ زیادکردووە، زیاتر پەیوەستن بە دەرهاوێشتەکانی (ئاوتپوت)ی کاری حکومی. لە کاتێکدا بۆ تەواوکردنی بازنەی متمانەی هاووڵاتی بە دەزگا حوکمڕانەکان، پێویستە لە هەردوو بەشی (ئینپوت – ئاوتپوت) بەیەکەوە حکومەت و هاووڵاتی لەیەک نزیک بن.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە ڕوانگەی کۆڵەکە سەرەکییەکانی حکومەتی زیرەک ئاستی پەنابردنەکە بپێوین، دەتوانین ڕێژەکەی بەم شێوەیە دیاریبکەین:

١- پێگەی حکومەت بۆ هاووڵاتی (government to citizen) بە ڕێژەی ٣٠% ی خزمەتگوزارییەکان خراونەتە نێو تۆڕە ئەلیکترۆنییەکانەوە.

٢- پێگەی حکومەت بۆ کەرتی تایبەتی ( government to business) بە ڕێژەی ٣٠% ی خزمەتگوزاری و پەیوەندیی حکومەت بە کەرتی تایبەتی ، ئەویش تەنها لە ٥٠%ی گرێبەستە بازرگانییەکان کراوەتە ئەلیکترۆنی.

٣- پێگەی حکومەت بۆ حکومەت ( Government to Government) ١٠% کراوەتە ئەلیکترۆنی، ئەویش پڕۆسەیەکی شەفاف نییە و تەنها لە سیستەمی بایۆمەتریدا خۆی دەبینێتەوە، ئەگینا دامەزراوەکانی حکومەت بەیەکەوە نەبەستراون لە ڕووی ئەلیکترۆنییەوە.

٤- پێگەی پەیوەندییە دەرەکییەکان ( External relations) بە ڕێژەی ٢٠%ی کراوەتە ئەلیکترۆنی، ئەویش تەنها لەبواری خزمەتگوزاریی

پێدانی ڕێگەپێدان و نشینگە بۆ ئەوانەی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێژەی ٢١% ی خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەئەلیکترۆنیکراون، ئەویش بە شێوەی پچڕپچڕ، ئەمە جگە لەوەی هیچ سەکتەرێک بە تەواوی بە ڕێژەی ١٠٠% بەئەلیکترۆنینەکراوە.

**٣.٢. ئاستەنگ و دەرفەتەکان**

بێگومان کەمن ئەو کۆمەڵگەیانەی نەتوانرێ بە شێوەیەکی تەواو بە ئەلیکترۆنی نەکرێن، بەهۆی ئەوەی خزمەتگوزاریی ئەنتەرنێت و ئامێری پێشکەوتووی زیرەک، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە دەگاتە هەموو پنتێکی ئەم زەمینە. بەڵام دەستبردن بۆ ئەم فۆڕمە، بەکارهێنانی وەک پردێکی پەیوەندی و متمانە لە نێوان حکومەت و هاووڵاتی، لە دەوڵەتێک بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت، بەپێی سروشتی ئەو فۆڕمە کارگێڕی و یاساییەی دامەزراوە فەرمییەکانی لەسەر بنیادنراوە.

هەرێمی کوردستانیش وەک کۆمەڵگەیەکی ئاشنا بە پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، دۆخی پەیوەندیی نێوان حکومەت و هاووڵاتی و ئاست و کوالیتیی خزمەتگوزارییەکانی، پێویست دەکات بیر لە فۆڕمێکی نوێ لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بکرێتەوە. بەڵام جێبەجێکردنی هەر فۆڕمێک پێویستی بە تێگەیشتن هەیە لەم دەرفەتانەی دەکرێ بکرێنە فاکتەری سەرکەوتن، بەرانبەر ئەو ئالینگارییانەی دەشێ ببنە فاکتەری شکست.

### ١.٣.٢. دەرفەتەکانی پەیڕەوکردن

چەند فاکتەرێک لە هەرێمی کوردستان هەن کە دەکرێ ببنە دەرفەتێک بۆ پەنابردن بۆ حکومەتی زیرەک و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی یەکخستنی سیاسەتی گشتیی دەوڵەت، ئەوانیش بریتین لە:

١. بوونی ئیرادەی چاکسازی (یاسای چاکسازی و بەرنامەی کابینەی نۆیەم) کارنامەی کابینەی نۆیەم هەر لە سەرەتاوە لەسەر بابەتە هاوچەرخەکان بنیادنراوە، بۆیە یەکەمین پڕۆژەش کە جەختی زۆری لەسەر کراوەتەوە پڕۆژەی چاکسازییە. لەم چوارچێوەیەدا پێویست دەکات کە فۆڕمی ئەلیکترۆنی بکرێتە پرەنسیپێکی تازە بۆ نزیککردنەوەی زیاتری هاووڵاتی لە حکومەت و دروستکردنی متمانە.

٢. هەبوونی خزمتگوزاریی ئەلیکترۆنی بە کوالیتییەکی پێویست. لە ئێستا سەرجەم خزمەتگوزارییە تەکنەلۆژییەکان لە هەرێمی کوردستان بەردەستن. بەپێی ئاماری وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن هەر خزمەتگوزارییەکی ئەلیکترۆنی چەندین کۆمپانیای هەیە، لەوانە (وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، ٢٠٢٠):

A. کۆمپانیاکانی تایبەت بە (Fiber optic, Fix and WLL).
B. کۆمپانیاکانی تایبەت بە (LTE).
C. کۆمپانیاکانی تایبەت بە (VSAT).
D. کۆمپانیاکانی تایبەت بە (WIFI).
E. کۆمپانیاکانی تایبەت بە (WiMAX).

٣. بوونی توانستی مرۆیی پسپۆڕ لەم بوارە. لە هەرێمی کوردستان دەیان زانکۆی حکومی و تایبەتی هەن، کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر کادری پسپۆڕ لە بوارە جیاوازەکان پێشکەشی کۆمەڵگە دەکەن، ئەو بوارانەی کە پەیوەستن بە حکومەتی زیرەکەوە جگە لەلایەنە ستراتیژی و کارگێڕییەکان، بریتین لە (ئەندازیاری سۆفتوێر، زانستی کۆمپیوتەر، ئینفۆگرافیک، پەیمانگا تەکنیکییەکان، تۆڕەکانی ئەنتەرنێت، پرۆگرامسازی ...هتد) کە ئەمانە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان هەن. ئەمە جگە لەوەی لە ڕێگەی پرۆسەی تواناسازییەوە چەندین بڕوانامەی تایبەت بەم بوارە هاتنە نێو کوردستان.

٤. بوونی چەند نموونەیەکی سەرکەوتوو لە وڵاتانی ناوچەکە، بە تایبەت وڵاتی ئیمارات کە نموونەیەکی زیندووی پیادەکردنی حکومەتی زیرەکە و، سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە دەکرێ ببێتە فاکتەرێک بۆ بنیادنانێکی دروست. (ئیسماعیل، ٢٠٢١، ٥٢-٧٦ )

**٢.٣.٢. ئالنگارییەکان**

بێگومان هەر نوێکارییەک لە کاری حکومی ڕووبەڕووی چەندین ئالنگاریی نوێ دەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی زەمینەی ئەم کۆمەڵگەیە و پێداویستییەکانی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە وێناکردنی ئالنگارییەکان. بە شێوەیەکی گشتی ئالنگارییەکان بریتین لە:

١. نەبوونی زەمینەیەکی تەکنیکیی پێویست، بەم واتایە لە ڕووی تەکنیکی یەکخستنی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و کۆکردنەوەیان لە تۆڕێکی فەرمیدا کە لە ڕووی ئاسایشەوە تەواو پارێزراو بێت، لاوازییەکی زۆری پێوەدیارە. بە شێوەیەک کەوا سێکتەرەکان بێ ئاگا لەیەکتر لە ڕێگەی چەند کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتەوە دەستیان بردووە بۆ خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی.

٢. نەبوونی ڕۆشنبیری ئەلیکترۆنی، سەرەڕای ئەوەی نوێترین پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان هەن. هاوولاتی لەکاتی مامەڵەی ئەلیکترۆنییەکان ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆی نییە، بۆیە لەلایەن چەند ناوەندێکی کەرتی تایبەتەوە ئەم دۆخە قۆستراوەتەوە. ئەمە جگە لەوەی خراپ بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لە هەرێمی کوردستان و نەبوونی چاودێرێک یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی ڕۆشنبیریی ئەلیکترۆنییە (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ١١٤-١٢٣)

٣. نەبوونی متمانە بە خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان. هاوولاتییانی هەرێمی کوردستان متمانەیەکی تەواویان نییە بە خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان، بۆیە لەکاتی پڕکردنەوەی فۆڕمە ئەلیکترۆنییەکانیش چەندین جار سەردانی فەرمانگەی پەیوەندیدار دەکەن بۆ دڵنیابوون لە گەیشتنی مامەڵەکانیان. ئەمە جگە لەوەی ئەو نەبوونی متمانەیە وای کردووە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بە شێوە زۆر کلاسیکییەکە بەیەکتر ببەسترێنەوە.

٤. نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەم بوارە. ئەگەر چی لە کوردستان، دوو یاسای نزیک لەم بارەیەوە هەن، ئەوانیش یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، لەگەڵ یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان، بەڵام ئەمانە هیچیان ناچنەتە نێو بواری یاسای تایبەتمەند بە زەمینەسازیی یاسایی بواری حکومەتی زیرەک.

٥. لێکدابڕانی دامەزراوەکانی حکومەت لە ڕووی ئەلیکترۆنییەوە. بە شێوەیەک کە تۆڕێکی یەکگیر لە نێوان دامەزراوە حکومییەکان نییە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی بەیەکەوە بیانبەستێتەوە. بۆیە خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان لەبری ئەوەی ئاسانکاری دروستبکەن، بیرۆکراسیەتی ئەلیکترۆنییان دروستکردووە.

٦. لاوازیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی. ئەمەش پەیوەستە بە نەبوونی یاسا و ڕێکخستنێکی ئەمنیی توندوتۆڵەوە کە ڕێگە بگرێت لەم بۆشاییانەی لە ڕووی ئەمنییەوە توشی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی حکومەت دەبن.

## ٤.٢. پێداویستییەکانی پەیڕەوکردنی حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان

بۆ بنیادنانی ژێرخانی حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان، دەبێ چەند پێداویستییەکی بنەڕەتی دابینبکرێت. بە شێوەیەکی گشتی، پێداویستییەکان دەکرێ لە چەند بەشێک پێکهاتبن:

### ١.٤.٢. پێداویستییە یاسایی و سیاسییەکان:

مەبەست لەمە، ستراتیژیەت و یاسا و ڕێنماییی جێبەجێکارین. لەمەدا پێویستە گرنگی بدرێت بە:

١- بوونی سیستەمێکی یاساییی گونجاو، کە سروشتێکی نەرمی هەبێت و توانای گەشەپێدانی هەبێت؛ بە شێوەیەک لەگەڵ پێداویستییەکانی حکومەتی زیرەکدا بگونجێت.

٢- دابینکردنی ئاسایشی زانیاری، کە پشت ببەستێ بە کۆمەڵێک ئامرازی سەردەم بۆ پاراستنی زانیارییەکان.

٣- چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پەیوەستن بە ئاڵوگۆڕی دراو؛ بە شێوەیەک کەوا گرەنتی لە گواستنەوەی دراودا دروستبکرێت.

### ٢.٤.٢. پێداویستییە کارگێڕییەکان

١- بوونی پشتگیرییەکی تەواو لە لایەن بەرپرسە کارگێڕییەکان؛ لە هەمان کاتدا، دەبێ سەرکردایەتیی سیاسیش پاڵپشتیی تەواوی خۆی ڕابگەیەنێت.

٢- بوونی دیدگەیەکی ستراتیژیی فراوان، بۆ جێبەجێکردنی لە ڕووی پراکتیکییەوە.

٣- دابینکردنی دەستەیەکی تەکنیکیی تایبەتمەند بۆ سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی؛ ئەم دەستەیە دەبێ چاودێریی چۆنێتیی جێبەجێکردنەکەیش بکات.

٤- ڕاهێنان و ئامادەکردنی فەرمانبەری تایبەتمەند بەو مەبەستە لە ڕێگەی کردنەوەی خولی بەردەوام؛ بۆ ئەوەی بۆ پێشکەوتنە بەردەوامەکان، ئامادەباشییان تێدا بێت.

٥- دووبارە دارشتنەوەی مامەڵە حکوومییەکان؛ ئەو ڕێکارە کارگێڕییە کلاسیکییانەی پێشتر پەیڕەودەکران، دەبێ بە شێوەیەک گۆڕانکارییان تێدا بکرێت کە بۆ کاری حکومەتی زیرەک بگونجێ.

### ٣.٤.٢. پێداویستییە تەکنیکییەکان :

١- دابینکردنی ژێرخانێکی ئەلیکترۆنیی پێشکەوتوو بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەی ئەلیکترۆنیی فراوان؛ بۆ ئەوەی حکومەت و هاووڵاتی، تێیدا پەیوەندی ببەستن.

٢- دەبێ سەرەتا حکومەت زانیاریی تەواو بڵاوبکاتەوە، بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتییان ئاگاداری گۆڕانکارییەکان بن.

٣- پێویستە پەرە بە هێڵەکانی ئینترنێت بدرێت و، بە ئاسانی بە هەموو ماڵێک بگات؛ هەروەها مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان هیچ تێچوویەک نەخەنە سەر هاووڵاتی.

٤- دامەزراوەکانی حکومەت لە ڕووی ئەلیکترۆنییەوە، پێویستە پەیکەرێکی کاری دیاریکراویان هەبێت و، بەشەکانی بەئەلیکترۆنیکراو بەیەکەوە ببەسترێنەوە.

## ئەنجام

١. حکومەتی زیرەک فۆڕمێکی هاوچەرخی کاری حکومییە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی و یەکخستنی سیاسەتی گشتیی حکومەت، لەپێناو بنیادنانی پردێکی پەیوەندیی پتەو، لەلایەک لە نێوان هاووڵاتی و حکومەت. لەلایەکی دیکە، لە نێوان دامەزراوە تایبەتەکانی حکومەت، بۆ ئەوەی ئەو پردی پەیوەندییە ببێتە فاکتەرێک بۆ زیادبوونی متمانەی هاووڵاتی بە حکومەت.

٢. هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرەتای دامەزراندنیدا بە هیچ شێوەیەک دەستی بۆ خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی نەبردووە، تەنانەت لەم قۆناغەدا هەموو ڕێکارە حکومییەکان بە شێوە کلاسیکییەکان بوون.

٣. لەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، فراوانبوونی ئەرک و چالاکییەکانی حکومەتی هەرێم، دروستبوونی دیدگای هاوچەرخ لەکاری حکومیدا، کارکردن بە هۆکارە ئەلیکترۆنییەکان بووە پێویستیەکی سەردەمی بۆ دانەبرانی حکومەت و کۆمەڵگە لەپێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان. بۆیە دەبینین لە قۆناغی دوای بنیادناندا، دەستبردن بۆ خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان دەستپێکردووە.

٤. ئەگەرچی ئیرادەیەک هەبووە بۆ بەئەلیکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییە حکومییەکان، لە چوارچێوەی چاکسازیی حکومیدا، بەڵام دەستبردن بۆ حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان سەرەتاییەکی باشی نەبووە، بە شیوەیەک کەوا لە چەند سەکتەرێکی دیاریکراو، هەروەها بە ڕێژەیەکی زۆر دیاریکراوتر، پەنا بۆ حکومەتی زیرەک بردراوە، کە وای کردووە ئەم شێوازە لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەم فۆڕمە لە حکومەت دەربکەوێتەوە.

٥. له هەرێمی کوردستاندا ئەگەر ئیرادەیەکی بەهێز هەبێ بۆ دروستکردنی حکومەتی زیرەک، ئەوا دەرفەت هەیە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام پەیوەستە بە کارکردنی بەردەوام لەم بوارەدا.

٦. چەندین فاکتەر بوونەتە بەربەست و ئالنگاری لەبەردەم هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروستتر کار بە حکومەتی زیرەک بکات، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە حکومەتی زیرەک لە هەرێمی کوردستان لەبری ئەوەی متمانە دروستبکات لە نێوان هاووڵاتی و حکومەت، هەروەها دامەزراوەکانی حکومەت بەیەکەوە ببەستێتەوە، بە پێچەوانە، متمانەی هاووڵاتی بە مامەڵە حکومییەکان کەمکردۆتەوە، لە ڕووی ئەلیکترۆنیشەوە دامەزراوەکانی زۆر لەیەکتر دوورخستۆتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان


- د. هیبە عەبدولمونعم، د. محەمەد ئیسماعیل، ٢٠٢١، هەڵسەنگاندنی دۆخی سوودوەرگرتنی واڵتانی عەرەبی لە تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد،وەرگێراتی گۆڤاری ئایندەناسی، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٨ ساڵی ل ل ٥٢-٧٦

- عەدنان ئەحمەد، ٢٠٢٠، هەوراز و نشێوەکانی خوێندنی ئەلکیترۆنی لە کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٤ی ، ل ل ١١٤-١٢٣


### دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان


- بدران عباس، 2016، تعريف الحكومة الذكية, مركز دراسات الحكومة الذكية،. /www.egovconepts.com

- بدران، عباس ، الحكومة الاكترونية من الاستراتيجية للتطبيق، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الاولى، بيروت ٢٠٠٤

- الخمايسة، صدام محمد، ٢٠١٧، الحكومة الذكية ما بعد الحكومة الاكترونية، الطبعة الاولي، قنديل للطبع و النشر، دبي

- سلمان عبود زبار، ٢٠٢٠، الحكومة الذكية وتطبيقاتها في النقل الذكي دراسة تحليلية لاراء عينه من العاملين في المنظمات العزاقية، المجله العراقيه للعلوم الادارية، المجلد ١٥ العدد ٥٩، ص ١-٤١

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

- Al-Hadidi, A. (2010). Exploratory Study on Adoption and Diffusion of M-Government Services in the Sultanate of Oman. PhD Thesis, Cardiff, United Kingdom: Cardiff University.
- Al-Khouri, A. M. (2013). EGovernment strategies: The Case of the United Arab Emirates. European mag of EPractice, 17(September 2012), 126–١٥٠
- Al-Khouri, Ali M. . 2014, Smart Government Circle of Attention, 20th GCC eGovernment and eServices Conference
- Al-Obaithani. Fahad Salmeen, Ali Ameen, Mohammed Saleh Nusari, Ibrahim Alrajawy, 2018, Proposing SMART-Government Model: Theoretical Framework, International Journal of Management and Human Science (IJMHS), Volume 2, Issue 2, Pages 27-38
- Althunibat, A.; Binsawad, M.; Almaiah, M.A.; Almomani, O.; Alsaaidah, A.; Al-Rahmi,W.; Seliaman, M.E. Sustainable Applications of Smart-Government Services: A Model to Understand Smart-Government Adoption. Sustainability 2021, 13, 3028. https://doi.org/10.3390/su13063028

- B. W. Wirtz, J. C. Weyerer, and F. T. Schachter, 2019 “An integrative public IoT framework for smart government,” Gov, vol. 36, no. 2, pp. 333–345,.
- El-Kiki, T.; Lawrence, E.; and Steele, R. (2005). A Management Framework for Mobile Government Services. In Proceedings of the CollECTeR Conference, Sydney, Australia, pp.122-126.
- Fahad Salmeen Al-Obthani, Ali Abdulbaqi Ameen, 2018, TOWARDS CUSTOMIZED SMART GOVERNMENT QUALITY MODEL, International Journal of Software Engineering & Applications (IJSEA), Vol.9, No.2, March, p p 41-50
- Fera Tri Hartanti, Jemal H. Abawajy, Senior Member, IEEE, Morshed Chowdhury, and Wervyan Shalannanda, 2020, Citizens’ Trust Measurement in Smart Government Services, IEEE Green Technologies Conference.
- V. Pereira, G. Eibl, C. Stylianou, G. Martínez, H. Neophytou, and P. Parycek, 2018 , “The role of smart technologies to support citizen engagement and decision making: International Journal of Electronic Government Research Volume 14 • Issue 4 • 2018

- Goyal, E. and Purohit, S. (2012). Emergence of M-Government: The Way Forward. SIES Journal of Management. 8 (1), pp. 56-65.
- Guenduez, A. A., et al. (2018). Smart Government Success Factors. Swiss Yearbook of Administrative Sciences, 9(1), pp. 96–110
- Jasim, Ihsan Abbass, Farhan, Sabeeh Lafta, Sohaib Kareem AL-MAMOORI, 2017, Smart Government: Analysis of Shift Methods in Municipal Services Delivery: The Study Area: Al-Kut – Iraq, Journal University of Kerbala , Vol. 15 No.3 Scientific.
- Jotischky, N. and Nye, S. (2011). Mobilizing public services in Africa: The M-Government Challenge. London: Informa Telecoms & Media.
- Lallana, E. (2004). M-Government: Mobile/Wireless Applications in Government. http://www.egov4dev.org/topic4.htm
- Lim, M. Masrom, and S. Din ,2013, "E-government and egovernance concepts and constructs in the context of service delivery"," African Journal of Business Management", pp. 2817-2826

- OECD. (2011). 'Chapter 2: Benefits and outcomes of m-government'. In: M-Government: Mobile Technologies for Responsive Governments and Connected Societies. Paris: OECD Publishing. [Online] https://www.itu.int/ITU-D/cyb/app/docs/m-ov/Benefits%20and%20outcomes%20of%20M-government.Pdf.
- Rashed Alshamsi, Ali Ameen, Osama Isaac , Ahmed Al-Shibami, Amiya Bhumik, 2020, Impact of Smart Government Usage and Smart Government Effectiveness on Employee Happiness, volume 82, pages 12086-12100
- S. K. Kim, M. J. Park, and J. J. Rho, “Does public service delivery through new channels promote citizen trust in government? The case of smart devices,” Inf. Technol. Dev., vol. 25, no. 3, pp. 604–624, 2019. Pages 604-624
- Sayed AbdelGaber, Marwa Salah Farhan, 2020 ,Converting Kuwait from Electronic Government to Smart Government, International Journal of Computer Science and Information Security (IJCSIS), Vol. 18, No. 10, October

**چوارەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

- https://gov.krd/english/government/agenda/
- https://gov.krd/english/the-governments-mission/digital-transformation/
- https://www.crkrg.org/ku/about-us-kr/
- بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی گرێبەستەکان لەلایەن وەزارەتی پلاندانەوە https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=144666&babet=1&relat=1024
- https://www.ewane.krd
- سکالای ئەلیکترۆنی وەزارەتی کارەبا: http://skala.moel.gov.krd/
- ڤیزەی ئەلیکترۆنی: https://evisa.moi.gov.krd/
- نشینگەی ئەلیکترۆنی: https://gov.krd/moi/services/نشینگەی-ئەلیکترۆنی-کوردستان/
- سەرپێچی هاتوچۆ: https://gov.krd/moi/services/سەرپێچی-هاتووچۆ/
- سیستەمی سوتەمەنی ئەلیکترۆنی: https://gov.krd/moi/services/سیستمی-سووتەمەنی-ئەلیکترۆنی/

- بەشی سکالاو پێشنیاری وەزارەتی پەروەردە: https://e-parwarda.com/Skala
- زانکۆلاین: https://regayzanko.com/
- یەکسانکردنی بڕوانامە: https://equalization.digital.gov.krd/
- فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری https://gov.krd/dit/

## الخلاصة

أحد طرق الجديدة عمل الحكومات المعاصرة, هي تفعيل الحكومة الذكية في ربط المؤسسات الحكومية من جهة، و خلق الثقة بين الحكومة و المواطن من جهة اخرى. أقليم كوردستان التي تدعي الاصلاح و التجديد، أيضا تعرف بأحدث الطرق التكنلوجية، لذلك يتطلب عليها العمل بالحكومة الذكية، هذا البحث أخذ أهميتها من هذا الضرورة الاساسية، و تهدف البحث تركيز على تلك المجالات التي عمل عليها حكومة أقليم كوردستان بالخدمات الالكترونية لخلق العلاقة المتينة مع المواطنين. في هذا الايطار نسئل، ماهي الفرص و التحديات التي تواجة الحكومة الاقليم كوردستان في تطبيق الحكومة الذكية؟ نفترض، اذا اخذنا هذا الاسلوب من تقديم الخدمات بشكل غير الصحيح، اذا لا نستطيع ان نصل الى الاهداف. باستخدام المنهج الوصفي-التحليلي، حاول البحث وصول الي نتائجها. فصل الاول خصص لتعريف الحكومة الذكية. و الفصل الثاني خصص باحتمالات تطبيها في اقليم كوردستان. في النهاية وصلنا الى أن النسبة عمل حكومة اقليم كوردستان بالخدمات الالكترونية في كافة مجالاتها، لم تتجاوز ٢١%، مع ذلك، مع وجود فرصة و الارادة، الا ان هناك تحديات كبيرة امام الحكومة الاقليم كوردستان، التي تعرقل محاولات الاقليم كوردستان لتقديم الخدمات.

**Abstract**

One of the new ways of working for contemporary governments is to activate the smart government in linking government institutions on the one hand, and creating trust between the government and the citizen on the other hand. The Kurdistan Region, which claims reform and renewal, is also known with the latest technological methods, so it requires it to work in the smart government. In this context, we ask, what are the opportunities and challenges facing the Kurdistan Regional Government in implementing the smart government? We assume, if we take this method of providing services incorrectly, then we cannot reach the goals. Using the descriptive-analytical approach, the research tried to reach its results. The first chapter is devoted to the definition of smart government. The second chapter is devoted to the possibilities of implementing smart government in the Kurdistan Region. In the end, we reached that the percentage of the Kurdistan Regional Government's work with electronic services in all its fields, did not exceed 21%, however, with an opportunity and political will, but there are great challenges for the Kurdistan Regional Government, which hinder the attempts of the Kurdistan Region to provide services.

Smart Government, Kurdistan Regional Government, E-Services, E-Government, Technological advances